# هێزی ئیرادە

کتێبێک سەبارەت بە چۆنێتی زاڵبوون بەسەر
شێرپەنجە و کاریگەری هێزی ئیرادە



بەختیار محمد عبدالله

CamScanner

کتێبێك سەبارەت بە چۆنێتی زاڵبوون بەسەر
شێرپەنجە و کاریگەری هێزی ئیرادە

# هێزی ئیرادە

**بۆ ئەوانەی شێرپەنجە و هەر نەخۆشیەکی تر هاتۆتە نێو ژیانیان و بایەخی هێزی ئیرادە و کاریگەری لە چارەنوسیان چۆن کارا دەکەن...**

بەختیار محەمەد عەبدوڵلا

CamScanner

# هێزی ئیرادە

نووسەر: بەختیار محەمەد عەبدوڵڵا

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

بەرگ : کاروان بەشان

پیت چنین: رەوەند عوسمان

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢١

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی تاران

CamScanner

کتێبێك سەبارەت بە چۆنێتی زاڵبوون بەسەر
شێرپەنجە و کاریگەری هێزی ئیرادە

# هێزی ئیرادە

**بۆ ئەوانەی شێرپەنجە و هەر نەخۆشیەکی تر هاتۆتە نێو ژیانیان و بایەخی هێزی ئیرادە و کاریگەری لە چارەنوسیان چۆن کارا دەکەن...**

بەختیار محەمەد عەبدوڵڵا

CamScanner

# پێشەکی:

سروشتی مرۆڤەکان وایە کاتێک کە لەوپەڕی سەرقاڵ بوونیان بە جەنجاڵی ژیان و چێژ وەرگرتن لە بەرو بووم و نەشئەی سەرکەوتن و پەیوەندی کۆمەلایەتی و پێگە و ویزگەکان و نۆش کردنی شەرابی نێو جامی تەندروستی باش و لە خۆبایی بوون بە دونیای هەمەڕەنگ و بریقەدار، دونیایەك کە لێوان لێوە لەهەموو تامەکان – شیرینی و تاڵی و تفتی و سوێری و تونی و هەندێك جاریش رۆژگارەکان بە چەشنی ئاو دەبن، ئاخر پێناسی ئاو شلمەنەیەکی بێ رەنگ و تام و بۆنە، بەلام بێ ئەویش هیچ بونەوەرێك نەدەبوو و ئێمەش بێ ئاو ناژین.

لەم ژیانە کە هەمووان دەلێین کاتییە بەلام بە رەفتار هەمووان بەتەمای نەمرین و وەك پێشینانمان وتویانە "مرۆڤ چاوی قایمە" ئیتر ئێمە هەروایین بە چاك و خراپ لە رەفتار و گوفتار و گومان و بۆچوون و هەلسەنگاندن و مامەلە کردنمان لەگەل دەوروبەرمان دەکەین، لەکاتێکدا کەسمان نازانین کەی و لەکوێ و چۆن و بەهۆی چی و لەبەرچی کۆتایی بە رۆلمان دێت لەسەر تەختەی شانۆی ژیان و داگرتنی کۆتایی پەردەی

نمایشەکە. لەژیاندا جۆرەها کەس دەناسین لـە نزیـك و لـەدوور ئیتر هەر لە باش و خراپ و بەوەفا و سپڵە و بێ سیفەت و ناپاك و لەخۆبایی و دڵسۆز و تەماح کار و بێ باك و جـوامێر و نـەجیب و نانەجیب و بە هەڵوێست و بێ هەڵوێست و ئینتیهـازی و خۆبـەرە پـێش و لێـزان و زۆرزان و دڵسـاف و سـاویلکە و بەهرەمەنـد و شانسدار و بەدبەخت و بـێ بـەخت و راسـتگۆ و درۆزن و دوو ڕوو و سەد ڕوو. زمان شیرین و زمان مار و تاوانبار و قوربانی و جـەلاد و بەخشندە و ڕەزیل و مەرد و نامەرد و بەرژەوەندی خواز و کوڕی رۆژ و کوڕی تەنگانە و لەمانە زۆرتریش کـە هـەمووی هـەر مرۆڤـە، لەبەر ئەوەیە زۆربەمان لە ئـان و سـاتێکی دیـاری کـراودا، لـە ویزگەیەك لە ویزگەکانی ژیـان پێویسـتمان بـە راچـڵەکینێك و بەئاگا هێنانەوەیەکە لە غەفلەت و خۆ لـەبیر چـوونەوەمان لـە جەوهەری حەقیقەتی ژیان.

ئیتر زۆرجار ئەو راچڵەکین و بەئاگاهێنانەوەیـە بـە چەشـنی زللەیەکی میهرەبانی دێت زۆر توند و بەسوێ و سەدای زۆر دەبێـت بە جۆر و شێوازی چـاوەڕوان نـەکراو دەبێـت و هەنـدێك جـاریش سەیر و سەمەرە دەبێت.

هەندێك كەس بە نەمانی دەسەڵات و هێز و توانا و پێگەی دەبێت و هەندێکی بە لەدەستدانی ئازیزێك یاخود پشت و پەنایەك یان بە بەڵایەکی لابەلا و کارەساتێك یاخود بە هەواڵێکی نەخۆشیەکی کوشندە و مەترسیداری وەك شێرپەنجە و جۆری تر کە لە پڕ سەرجەم هاوکێشەکانی ژیان دەگۆڕێت بە چەشنێك کە هەنگوین لە دەممان تاڵ دەکات و ستۆپ بە هەموو هیوا و خەون و پلان و نەخشە و بەرنامەکانی ژیان دەکات.ئیتر لەو قۆناغە رۆڵ و کاریگەری و بایەخی ئیرادەی بەهێز دێتەگۆڕێ و ململانێ و جەنگ دەست پێ دەکات و لەم جەنگەدا یان سەرکەوتن یان خۆبەدەستەوەدان و دیلی و شکست خواردن چاوەڕێ چارەنووسمان دەبێت!

دەمەوێت لە دووتوێ ی ئەم کتێبەدا ئەزموونی تاڵ و پڕ لە ناسۆری خۆم بخەمەڕوو بەر لە تووش بوونم بە نەخۆشی شێرپەنجە لەجۆری شێرپەنجەی خوێن کە لەو جۆرەیە کە خرۆکەی سپی لە خوێنی جەستەم بە چەشن و جۆرێك زیاد دەکات و ناهاوسەنگ دەبێت کە ئەگەر مرۆڤ لێی بێ ئاگا بێت و لەکاتی گونجاو چارەسەری نەکات ئەوا لە ماوەیەکی کورت مەرگ چارەنووسی دەبێت، مەرگێك کە بەر لە هاتنی ئازار و ناڵەو

ئەشکەنجە لەگەڵ خۆی دێنێت. منیش وەك هەر مرۆڤێکی تر دەمەوێت وزەی ئەرێنی بە دەوروبەر و مرۆڤایەتی و کەسانی دیکە بەخش بکەم و گەر کەمێکیش بێت سوودبەخش بم و ئەو کەسانەی کە لە پڕ و بەچەشنی من هەواڵی تووشبونیان بەم نەخۆشییە دەبیستن نەتۆقێن و نەڕۆخێن و باوەڕدار بن بە ویستی یەزدان و حیکمەت و بەزەیی بێ سنوری.

دەمەوێت لەم کتێبەدا ئەزموونی خۆم بخەمەڕوو لەگەڵ ئەم نەخۆشییە و نهێنی وورەی بەرز و ئیرادەی بەهێز بۆ کەسانی هاوشێوەم ئاشکرا بکەم کە پێویستە بزانن کە هیچ ویستێك لە ویستی خودا بەهێزتر نیە.

# بەر لەهاتنی شێرپەنجە :

بەندە وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی دیکە وێزگەکانی ژیانم هەوراز و نشێوی و شیرینی و تاڵی و رووناکی و تاریکی تێدابووە.

ژیانی منداڵی هەژاری و نەبوونی تێدا بووە بەڵام باوکێکی زەحمەتکێش و دڵسۆز بۆ خێزانەکەی و دایکێکی ئێجگار میهرەبان و بەسۆز و خۆنەویست ببون بە چەتری سەر پێنج کوڕ و چوار خوشك. بەهەر نەهامەتی و دەردەسەری خوێندنیان پێ تەواو کردین و پێیان گەیاندین هەزار رەحمەت لە گۆریان و جێگایان بەهەشت بێت، هەرگیز لە ئەجر و چاکەیان دەرناچین رۆحیان شاد بێت.

ئەمە منداڵی و هەرزەکاری بوو، لە ژیانی خێزانداری و وەزیفی هەمیشە وەك هەر کەسێکی دیکەی ئەم وڵاتە و لە جیلی خۆم هیچ کارێکم بە ئاسانی نەهاتۆتە دەست و بەراستی جیلێکی بێ بەخت بووین گەرچی پێمان دەوترێت "جیلی ئاڵتوونی" بێ گومان چاکیشم کردوو و خراپ، راست و هەڵەم هەبوو و هەندێك جار تەوازوع و هەندێك جاری تریش لە خۆبایی یوون ڕووی لێ ناوم و خوا خۆی باشتر مەخلوقەکانی خۆی دەناسێت.

# چۆنیێتی بیستنی تووش بوونم به شێرپەنجە :

یەکێك لە قەناعەتەکانی ژیانم هەمیشە ئەوە بووە کە مرۆڤەکان پێویستە هاوکاری یەك بن و مرۆڤ پێویستە خۆنەویست بێت بە پێ ی توانای خۆی.

زۆرجار بەکارێك ئاسوودە دەبووم و ئارامی دەروونی ڕووی لێ دەنام کاتێك دەچووم خوێنم دەبەخشی، ئەم کارەم کردبوو بە نەریتێکی ژیانم، بەڵام بە بێ دەنگ و ڕیایی، بەو جۆرە نا کە دەبینم خەڵك هەیە کاتێك خوێن دەبەخشێت وێنەیەکی سێلفی خۆی دەگرێت و بڵاوی دەکاتەوە! ئەمە چ خێر و چاکەیەکە کاتێك خۆتت نمایش کرد و هەموو کەس یان زۆرکەس پێی زانی ، ئەی پێشینانمان نەیان وتووە " خێر ئەو خێرەیە کە ئەم دەست بەو دەست نەزانێت"؟.

بەهەرحاڵ یەکێك لە جارەکان لە بانقی خوێنی شاری سلێمانی پاش وەرگرتنی نمونەیەك لە خوێنم وەك ڕێکارێکی تەندروستی پەیڕەوکراو لە دونیادا ئاگادار کرام کە ناتوانرێت خوێنم لێ وەربگیرێت بەهۆی بوونی ئیلتیهابێك و هەر لەوێ پێم

راگەیەندرا کە رەنگە بەهۆی پەتایەکی وەرزی یاخود هەلامەتێك بێت و لەبەرئەوەی لە وەرزی زستان بوو ئەوکاتە ئیتر منیش بە ئاسایی وەرم گرت و ڕۆیشتم.

دواتر و پاش ماوەیەکی زۆر جارێکیان لە کارەکەم بەرەو ماڵ دەگەرامەوە و بەهۆی ئامێری بێ تەلەوە کە لە ئوتومبێلەکەم هەبوو کە مۆڵکی فەرمانگەکەم بوو و بەهۆی کارەکەم وەك ئەفسەرێکی هاتووچۆ گوێ بیستی بانگەوازێك بووم کە ئەفسەرێك پێویستی بە خوێنە لەجۆری +A و کێ لەخۆی رائەبینێت بابچێت بەهانایەوە لە بانقی خوێن، ئیتر راستەوخۆ ئاگاداری بەشی کۆنترۆڵم کرد کە من ئامادەیم تێدایە و چووم بە پیر ئەو بانگەوازەوە.

کاتێك گەیشتمە ئەوێ بینیم ئەفسەرێکی هاتووچۆ بەناوی (کاك فەرامۆش) لەوێ بوو و بەهەمان شێوە و پاش ماوەیەك لە وەرگرتنی سامپڵی خوێنم پێیان راگەیاندم کە ناتوانرێت خوێنم لێ وەربگیرێت لەبەر بوونی ئیلتیهابێکی زۆر ئاسایی ئیتر بەراستی کەمێك تووشی دڵەراوکێ بووم دواتر خوا حافیزیم لە برادەرەکەم کرد، هەر بۆ شەوەکەی سەردانی نەخۆشخانەیەکم کرد (شەوانە و رۆژانە) و پاش پشکنینی خوێنم پزیشکی ئێشکگر کە خاتوونێك

بوو پێی ڕاگەیاندم کە کەمێك ئیلتیهابم هەیە لە خوێنەکەم بەڵام زۆر ئاساییە و هیچ مەترسی نیە و تەنها دوو دەرزی بۆ نوسیم و پێی ڕاگەیاندم کە پاش وەرگرتنی ئەو دوو دەرزیە و دوای هەفتەیەك بۆ دوو هەفتە دەتوانم ئیتر خوێن ببەخشم و هیچ کێشەیەك نابێت، منیش هەروام کرد بەڵام دەرفەتم نەبوو لەدوای ئەو دوو هەفتەیە بچم بۆ خوێن بەخشین، پاش ماوەیەکی زۆر و لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەشداری هەڵمەتێکی خوێن بەخشینم کرد ئیتر ئەو ڕۆژە وەك کورد دەڵێت قەوما ؛

لەو ڕۆژە و لە بانقی خوێن پێیان ڕاگەیاندم کە لەبەر بوونی ئیلتیهابێك لە خوێنما ناتوانرێت خوێنم لێ وەربگیرێت؛

ئیتر بەڕاستی ئەم جارە بە ئاسایی ئەم قسەم وەرنەگرت و زۆر نائارامی کردم. کاتێك هاتمە دەرەوە لە هۆڵەکە واتا هۆڵی بانقی خوێن پەیوەندیەکی تەلەفۆنیم کرد بە براکەم د. نەبەز (برا لە پشت برا بێت مەگەر مقەدەر لای خودا بێت).

ئەلو دکتۆر گیان چۆنیت و بەسەرهاتی ئەو سێ جارەم پێ ووت لەو چیرۆکەدا، هەر لە تۆنی دەنگی کاکم هەستم کرد بابەتەکەی زۆر بەجیدی وەرگرت و داوای لێ کردم کە بە پەلە بچم بۆ لای بۆ

عیادەکەی – منیش هەر بە عەقلی کوردەواری خۆمان وەڵامم دایەوە، کاکە گیان هیچ نیە و ئێستا مەجالم نیە دواتر لە مەجالێکدا سەردانت دەکەم!!! بەراستی ئەمە مەغروری من بوو کەوا هەستم دەکرد تەندروستیم زۆر باشە و کەسێکی زۆر سەرقاڵم بەکارەکانم!

بەڵام ئەو جەغتی کردەوە کە هەر دەبێت بچم بۆلای، بەهەرحاڵ ڕۆژی دواتر چووم بۆ لای و کاتێک زانی هاتووم لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و تەنانەت نەخۆشەکانی بەجێ هێشت کە ئەمەش هەرگیز لەگەڵ نەریت و خەسڵەتی ئەم برایەم یەکی نەدەگرتەوە و هەر لەوێ و لە تاقیگەکەدا لیستێکی بۆ نوسیم بۆ پشکنین. دواتر و لەشەودا بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم و شێوازی قسەکردنی ئاسایی نەبوو وەك جاران و پێی ڕاگەیاندم کە بەباشی دەزانێت بەیانی بێت بە شوێنما بۆ ئەنجام دانی پشکنینی تایبەت چونکە وا پێویست دەکات، و هەرچەندم کرد بەڵام هیچی تری پێ نەوتم جگە لەوە، بەیانی زوو هات بە شوێنما و بە ئوتومبێلەکەی خۆی بردمی بۆ نەخۆشخانەی ( هیوا ).

# چی گوزەرا لە نەخۆشخانەی (هیوا)

لەوێ پێم ووت دکتۆر خۆت لێرە ئیشت هەیە یان لەبەر من هاتووی بۆ ئێرە، ئاخر ئیشم چیە بە نەخۆشخانەی هیوا! جا بەرلەوەی ئەو بەسەرهاتە تەواو بکەم حەزئەکەم ئەمەش بگێڕمەوە –

من پێشتر ناوی نەخۆشخانەی هیوام بیستبوو بەڵام ئیشم تێی نەکەوتبوو، تا ئەو کاتەی بەبیستنی تووش بوونی بەڕێوەبەری پێشووم لە هاتووچۆی سلێمانی بەڕێز و خوا لێخۆشبوو ( عەمید نەریمان )، کە تووشی هەمان ئەو نەخۆشیە ببوو ( شێرپەنجەی خوێن ) و لەبەر نزیکیم بەهۆی پۆست و سروشتی کارەکەم لە گەڵ خوا لێخۆشبوو نزیك بووم و هەواڵی نەخۆش کەوتنی زۆر کاری تێ کردبووم و لەکاتی نەخۆش کەوتنی و لە قۆناغەکانی وەرگرتنی چارەسەری کیمیاوی ناو بەناو سەردانیم دەکرد کە ڕەنگە چوونم بۆ سەردان کردنی لە هیوا ئەویش حیکمەتێکی خودای تیا بووبێت بۆ ئەوەی دواتر بە چوونم بۆ هیوا بەلامەوە ئاسایی بێت و کتوپڕ نەبێت ( و العلم عند الله ) هەر پێشتر و پێش ماوەیەك لە نەخۆش کەوتنم بەهۆی برادەرێکم لە دەرەوەی وڵات هەر بەناوی کاك نەبەز و جارێك لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان ئێوارە خوانێکی ڕێکخست و پێی ڕاگەیاندم کە برادەرێکی لەگەڵ خۆی دەهێنێت

بەناوی دکتۆر دانا و لەویٰ یەکمان ناسی بینیم کەسێکی زۆر بەڕێز و متواضع و قسە خۆش و دکتۆرە لە نەخۆشخانەی هیوا! من و هیچ کەس نازانێت خوای گەورە چۆن کەون دەبا بەرێوە و چۆن قەدەر و کارەکانی رێکدەخات، بەلام باوەڕم وایە کە کاتێک لە ژیاندا مرۆڤ خوای لەبیر بێت و لەبەر بەدەست هێنانی رەزامەندی ئەو هەر کارێکی چاکە و خەیری بکات دڵنیام ئەو چاکانە لە ئایندەدا خودا دەیهێنێتەوە رێگامان. ئیتر چوونی پێشووم بۆ نەخۆشخانەی هیوا بەهۆی سەردانم بۆ بەڕێز عەمید نەریمانی رەحمەتی کە بەهۆی ئەو نەخۆشیە کۆچی دوایی کرد، و ناسینی پێشوەختەم بۆ دکتۆر دانا هەستی ئەوەی لا دروست کردووم لە ئێستادا کە خوای گەورە زۆر بەتوانایە لە رێکخستنی کار و چارەنوسی مرۆڤەکان.

ئێستا با بگەرێمەوە بۆ سەرەتای بابەتەکە، لەگەڵ دکتۆر نەبەزی برام چووین بۆ نەخۆشخانەی هیوا و قەدەرێکی تر سەیر لەوەدابوو کە راستەوخۆ چووین بۆ لای دکتۆر ( دانا )!!!

بۆچی چونکە دکتۆر دانا پسپۆری نەخۆشیەکانی خوێنە. بە گەرمی پێشوازی لیٰ کردین و پاش پشکنینی خوێن لەو نەخۆشخانەیە مشتومرێکی دکتۆرانە و بە ئینگلیزی دروست بوو لەنێوان هەردوو دکتۆرەکە، منیش بە پێکەنینەوە وتم دکتۆر گیان بە حساب من نەخۆشەکەم ئیتر بۆچی پێم ناڵێن چیمە؟ لەوکاتە

دکتۆر دانا ووتی کاك بەختیار پشکنینمان هەیە ١٠٠٪ ئـە نجامی راستە تۆ ئەوە بکە ئەوکات هەموو شتێکت پێ دەڵێم.

جارێکی تر چوومەوە بۆ بەشی راکێشانی خوێن بەڵام ئەم جارە شووشەیەکیان هێنا شلەمەنیەکی زەردبـاوی تیـا بـوو لەشـێوەی سرکەی سێو و لەجاری پێشووتر خوێنی زیاتریـان لێ دەرکـردم و بەشێکیان کردە ئەو شووشە وابزانم ئەمە – زەرعەی خوێن بوو – دواتر و پـاش چـاوەروانی زۆر چـووینەوە بـۆ لای دکتـۆر دانـا و دووبـارە قسەکردنی نێوان دوو دکتۆرەکە بە ئینگلیزی کـە هیچـی لێ حاڵی نەبووم بەڵام هەستم کرد کە بابەتەکە باش نیە چونکە رەنگ و روخساری براکەم – دکتۆر نەبەز – تێکچووبوو.

دواجار دکتۆر دانا پێی راگەیاندم کە نەخۆشـی شـێرپە نجەی خوێنم هەیە، نازانم چۆن بوو ئێستاش بەڵام ئەوەی لـەو کاتـە هەستم پێ کرد ئەم هەواڵە هیچ ترسێك یان خـەمێکی لا دروسـت نەکردم، ئێستاش لە یادمە سـوپاس گـوزاری خـودا بـوو لەبـەر ئەوەی مادام قەراری خودا وابوو کە تووشی ئـەم نەخۆشـیە بـووم سوپاسم کرد کە ناردوویەتی بۆ من و نەیداوە بە منداڵێکم.

چونکە پێشتر منداڵم دەبینی لەو نەخۆشخانەیە کـە تووشـی ئەو نەخۆشیە ببوو و ئازار لە ناخەمەوە دەهـات بـە بینینیـان و بـەزەیم بـە دایـك و باوکیـان زۆر دەهـات. ئێسـتاش هـەزارجار سوپاس خوایە.

# دکتۆری بەئەمەك

پیشـەی دکتـۆری – پزیشـکی – یەکێکـە لەهـەرە پیشـە پیرۆزەکان و هەندێك لە پزیشکەکان یـاخود رەنگـە زۆریـان زۆر میهرەبانن. بەراستی من ئەمەم لەناو زۆرینەی دکتۆرەکان بینیـوە و بەتایبەتی دکتۆر نەبەزی برام و هاورێی بەڕێز و خۆشەویسـتم دکتۆر دانا عمر.

دکتۆر دانا لەگەڵ هەموو نەخۆشـەکانی زۆر بـە میهرەبـانی و تەوازوعەوە مامەڵە دەکات، بە ئەمانەتە و پێویستە بڵێم تـەنها ئەو وانەبوو لە نەخۆشخانەی هیـوا. سـەرجەم فەرمانبـەران لـە ستافی ئەو نەخۆشخانەیە و لە بەشە جیاوازەکان فریشـتە ئـاسا بوون خودا نموونەیان زیاد بکات.

دکتۆر دانا بەردەوام لە هەوڵی بەرز کردنی وورە و ئیرادەم بـوو و کارەکانی زۆر لا ئاسان دەکردم و وەڵامی سەرجەم پرسـیارەکانی دەدامەوە بەراستی دکتۆر دانا هەر بۆ خۆی دانایە.

# بەسەرهاتێکی خەمناك و دکتۆر دانا

هەر ئەوکاتەی بە زانینم بە تووش بوونم بە نەخۆشی شێرپەنجە بەراستی هێشتا جگە لە دکتۆری برام و دوو هاوڕێم ئیتر کەس بە نەخۆشیەکەم نەم هێشت بزانێت ( دواتر دەربارەی ئەوەش باس دەکەم ).

ئەوکات خوالێخۆشبوو عمید نەریمان هێشتا لە ژیان مابوو و بارودۆخی تەندروستی سەرەتا زۆر خراپ بوو بەڵام دواتر و پاش وەرگرتنی چارەسەری کیمیاوی و نەشتەرگەری چاندنی مۆخ و سەردانی بۆ وڵاتانی دەرەوە و پاش زیاتر لە ساڵێك بەم حاڵە دووبارە پەیتا پەیتا بەرەو چاك بوون و باش بوونی تەندروستی گەرایەوە و روخساری ئاسایی بوویەوە و موی سەر و گیانی هاتەوە و تەنانەت گەرایەوە بۆ دەوامی ئاسایی خۆی.

بەڵام پاش ماوەی چەند مانگێك دووبارە تەندروستی تێك چوو و گەرایەوە نەخۆشخانەی هیوا.

دواتر ئەوەمان بیست لەناو فەرمانگەکەم لە هاتووچۆدا کە خۆی ئامادە دەکات بچێت بۆ ئەلمانیا بۆ چارەسەر دووبارە.

ڕۆژێکیان بیرمە دکتۆر دانا پەیوەندی تەلەفۆنی پێوە کـردم و داوای کـرد لەگـەڵ کـوڕی عەمیـد ..... مەوعیـدێك ڕێکبخـەم سەبارەت بە باری تەندروستی زۆر بە پەلە.

منیش و لەڕێگای بەرپرسـی نوسـینگەکەی ڕائـد کـاوان ئـەو مەوعیدەم ڕێکخست بە ئامـادەبوونی کاکـە نـەورۆزی کـوڕی لـە شەقامی سالم ( سەهۆڵەکە ). هەر ئەو شەوە لەوێ دکتۆر دانـا زۆر بێتاقەت بوو و بەر لەهاتنی ئەوان پێـی ووتم کـە بیسـتویەتـی دەیانەوێت خانوی ئەو بەڕێزە بفرۆشن بۆ مەصاریفی چارەسـەری لە ئەڵمانیا.

بەڵام ئەم کارە بێ سوودە چـونکە نەخۆشـی شـێرپەنجەکەی بووە بە ( جۆرە هـارەکە ) واتـا ئیتر چارەسەری نیە نە لێرە و نە لـە هیچ شوێنێکی دونیا و هەر پارەیەك لەم بارەوە سەرف بکرێت بـێ سوودە و بـا مـاڵ و منـداڵی ئـەو بـەڕێزە ئەوەنـدە زیانیـان لێ نەکەوێت. منیش پرسیارم لێ کرد کاك ( نەریمان ) چـەندێکی لـە ژیان ماوە.

دکتۆر داناش پێی ڕاگەیاندنم کە ئەوپـەڕی دوو مـانگی تـر دەژی، ڕاستە هەمووان مـردن چـارەنوسمانە و ئەمـە بـەڵێنێك و

ویستێکی ئیلاهیه بەڵام ئەم جۆره هەواڵانە زۆر خەمناك و کاریگەره و هەستی مرۆڤایەتی دەهەژێنێت.

بەهەر حاڵ هەر ئەو شەوه ئەو هەواڵە خەمناك و قورسە بە کاکە نەورۆزی کوری رەحمەتی گەیشت و هەر واش بوو پاش دوو مانگ بەیانیەك بە مەسجێك هەواڵی کۆچی کاك ( نەریمان )م بیست خوالێخۆش بێت.

# دوای زانینم بەو نەخۆشییە

راستی خۆی ئەو نەخۆشیە وایە هەر وادەکات کە مرۆڤ زۆر جار لە سەرەتادا بیری لێ بکاتەوە و لە پڕ گۆڕانکاری بەسەر ژیان دروست دەکات.

بیردەکرێتەوە لەوەی لە رابردوودا لە ژیانتا چیت کردووە و چی دەبوو بتکردایە و نەتکردووە.

بیر لە ئایندەی کەسانی نزیک خۆت دەکەیتەوە دوای نەمانت چییان بەسەر دێت لەو رۆژگارە سەختانەدا و چارەنووس چی لە چارەیان نوسراوە، بیر دەکەیتەوە ئیتر پێویست دەکات بەردەوام بێت لە کارو پیشەت، بیر دەکەیتەوە تەندروستیت بەرەو کوێت دەبات و روخسارت چی بەسەر دێت چونکە هەمووان بیستومانە شێرپەنجە و چارەسەری کیمیاوی چی بەسەر مرۆڤەکان دێنێت.

بیر دەکەیتەوە کە دەترسیت زەلیلی سەر جێگە بیت پاش ئەوەی تەندروستیەکی باشت هەبووە و ئێستا چۆنیت، ئەمانە و کۆمەڵێك پرسیاری تر بە ئەندێشە و مێشکت یەت و دەچێت؟؟؟

# ئیرادە و شێرپەنجە

دواتر پەیتا پەیتا هەستم دەکرد چیتر پێویست ناکات هێندە بیر لەو نەخۆشیە بکەمەوە و خوا چی بووێت هەر ئەوە روودەدات.

دکتۆر دانا هەندێك زانیاری سەرەتایی لێ وەرگرتم و کـۆدێکی پێ دام و پێی راگەیاندم ئیتر پێویستە ئەم کۆدەم لەبیر نەچێت و هەموو مانگێك بەم کۆدە پشکنینی خوێن بکـەم بـۆ بەدواداچـوون لەباری تەندروستیم تا کاتی چارەسەری کیمیاوی. دووبـارە و لـە جاران زیاتر سەرقاڵی کاروباری خۆم بـووم لـەو ئەرکانـەی کـە دەکەوێتە ئەستۆم و کاری راگەیاندنی هاتووچۆ و وانە وتنەوە لە کۆلێجی پۆلیس کە لـەوێ مامۆسـتام و وانـەی یاسـای هاتووچـۆ دەڵێمەوە کە خۆشم دەرچووی ئەو کۆلێجەم.

هەر لەو کاتە کتێبێکـی تـرم وەرگێـڕا لـەبواری هاتووچـۆ و رووداوەکانی لە زمانی عەرەبی بۆ کوردی بەناوی ( سائقوا مرکبات الموت ) هەرگیز نەمهێشت کەسانی نزیکم یەهیچ بـزانن تەنانـەت خێزانەکەشم. "مرۆڤ پێویسـت ناکـات ژیـان لـەخۆی تێکبـدات چونکە هەرچی خوا نەیکات بەدڵنیایی یەوە نابێت"

پاش ماوەیەکی زۆر ئینجا هەستم کرد کە ئیتر پێویستە هاوسەرەکەم بزانێت چونکە ئەم بابەتە زۆر جددییە و ئەو شەریکمە لە ژیان ئیتر وابزانم شەریکەکان پێویستە لە خۆشی و ناخۆشییەکان هاوبەش بن، ئەوەی قورس بوو بەلامەوە چۆن و بەچی شێوازێك دەربارەی نەخۆشیەکەمی بۆ باس بکەم.

# دکتۆره ئێرانییەکە

لەسەر داواکاری زۆری هاوسەرەکەم و پێشنیاری دکتۆر نەبەزی برام بریارم دا بچم بۆ لای دکتۆرێکی دەرەوەی وڵات. دکتۆر نەبەزی برام پێشنیاری دکتۆرێکی بۆ کردم بەداخەوە ناوەکەیم لەیاد نیە بەڵام نازناوەکەی – رۆستەمییە ) لە تاران.

لە فەرمانگەکەم مۆڵەتم خواست و لەوێ لەناو خێزانەکەم بەناوی سەردانی پزیشك بۆ هاوسەرەکەم چووین بۆ تاران لەوێ چووین بۆ لای ئەو دکتۆرە، مانگی رەمەزان بوو ئەو دکتۆرەش بەرۆژوو بوو چونکە لەسەری مندا سکرتێرەکەی پێی وتین با دکتۆر رۆژووەکە بشکێنێت و نوێژ بکات ئەوکات دەچنە ژوورەوە بۆ لای.

دواتر چووینە لای دکتۆر رۆستەمی و پاش خوێندنەوەی راپۆرتەکانی نەخۆشخانەی هیوا و کاری پێویست و رێگای پشکنینی خۆی و تێروانینی ئەویش بە راشکاوی پێی ووتم ( بەڵێ تۆ شێرپەنجەی خوێنت هەیە و تا مردن لەگەڵت دەبێت!!! ).

# دایکم لە خەوما و باوکم لە واقیعدا

من چەند ساڵێکە دایکم کۆچی دوایی کردووە، من زۆر لـەدایکم نزیک بووم و خواڵێخۆش بوو لـەدوای مردنـی نەهاتۆتـە خـەوم.

شەوێك لەخەوما دایکمم بینی رەنگ و رووی زۆر سپی و جوان بـوو وێنەی وەك ئەو کاتەی منـداڵیم هاتـە بەرچـاوم و بەروویـەکی خۆش و دەم بەخەندەوە پێـی ووتم (بـەختیار گیـان هـیچ نیـە مەترسە چاك ئەبیتەوە)!!

دایکە گیان خوا لێـت خـۆش بێـت لـە مردنیشـتدا هـەر رووزە بەخشی بۆم هەروەك کاتێـك لـە ژیانـدا بوویـت. ئـەم خەونـە هۆکارێك و نهێنیەکی دیکەی بەرزی وورە و بەهێزی ئیرادەم بوو.

سەبارەت بە باوکی رەحمەتیم ئەوکات هێشتا لە ژیان مـابوو گەرچی ئەوکات تەمەنی زۆر کردبوو و تەندروستی بـاش نـەبوو، کاتێك چووم بۆ ئێران لەگەڵ هاوسەرەکەم و کاتێك گەرامەوە بـۆ رۆژی دوایی باوکم لە دۆخێکی زۆر خراپ بوو لەرووی دەرونییەوە و بەگریانەوە کاتێکم زانی هات بۆ ماڵمان و تەنانەت کـە بینیمـی ئیتر نەیتوانی لە حەوشەوە بێتە ژوورەوە.

دەیووت "تۆ شتم لێ ئەشاریتەوە چییە بۆ چووی بۆ لای دکتـۆر لە ئێران"، ئیتر پێم ووت باوکە گیان مـن زۆر باشـم هیچـم نیـە تەنها لەبەر چەند پشکنینێك بۆ خێزانەکەم چووین بـۆ ئێـران، بەڵام سەیر لەوە بوو باوەڕی پێ نەکردم بـەدەم گریانـەوە پێـی ووتم "بەخوا خەوم پێوە بینیویت"!!!

دڵی دایك و باوك ئیتر ئاوایە هەست بـە زۆر شـت دەکـات کـە عەقڵی مرۆڤی ئاسایی درکی پێ ناکات".

منیش لەبەرئەوەی نەبمە مایەی خەم و خەفەت بۆی و بەزەیم بە تەمەنی و باری تەندروسـتی ئـەو دەهـات لەبـەر ئـەوە بـوو راستیەکەم پێ نەوت و هەتا کۆچی دوایی کرد هەر راستیەکەم پێ نەوت.. خوا لێی خۆش بێت و رۆحی ئاسوودە بێت.

# نا بۆ بەزەیی پیَ هاتنەوە

من بەش بە حاڵی خۆم کەسێکی دڵ ڕەق و بێ بەزەیی نیم لە ژیانمدا بەڵام بۆ خۆم باوەڕم وایە کە مرۆڤ شایەنی بەزەیی نیە بەڵکو شایەنی ڕێز و لێ تێگەیشتنە، هەر لە سەرەتای زانینم بە تووش بوونم بە شێرپەنجە لەناخی خۆمدا بریاری ئەوەم دا کە هەرچیەکم کردبێت نابێت کارێك بکەم ببمە کەسێك کە مایەی بەزەیی خەڵك بم، ئەمەش یەکێك بوو لە هۆکارە سەرەکی یەکانی شاردنەوەم بۆ ئەو نەخۆشیە بۆ کەسانی نزیك و دەوروبەرم.

من وادەزانم کە ئەو هەستە ئەگەر لە سۆنگەی باوەڕبوون و قەناعەت و لەناخی هەست و نەستی هەر مرۆڤێك هەڵقوڵێت ئەوا دەبێتە مایەی دروست بوونی هێزێکی ناوەکی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت بەسەر لایەنی سایکۆلۆجی و دەرخستنی ووزە نهێنی و شاراوەکانی عەقڵ، کە لە ئەمڕۆ چەندین توێژینەوەی زانستی حاشا هەڵنەگر هەیە کە باس لە هێزی عەقلی مرۆڤ "قوە العقل البشری" دەکات و دەیسەلمێنێت کە لەهەموو مرۆڤێك هەیە بەڵام زۆرینەمان زۆر بە دەگمەنی هەستی پێ دەکەین یاخود

کاری پێ دەکەین، زۆر جار ئەم راستییە دەبینین و هەندێك جاریش شیکارێکی زانستیمان بۆ نادۆزرێتەوە دەربارەیان وەك ئەو کارامەیی و توانایەی بەدی دەکرێت لە راهیبە بوزیەکان یاخود ئەو کەسانەی کە خاوەن هێزێکی سەرسورهێنەریان هەیە کە زۆرجار بە – القوه القاهره – دەناسرێت.

زۆرجار ئەو هێزە نهێنی و شاراوەیە و دۆزینەوەی بۆ خاوەنەکەی بە چەندین میکانیزم دەبێت، هەندێك کەس بەبیر کردنەوەی مێشك ساف کردنێکی قوڵ دەبێت واتا – التأمل – لای هەندێك کەسی دیکە بەهۆی تقوسێکی باوەرداری تایبە تمەند دەبێت وەك لە هەندێك لە ئایدییەکانی هیندی و بوزی هەیە و هەندێك جاریش بەهۆی باوەرێکی تایبەت و چوونە خەڵوەت و قەناعەت بە تەریقەت و سۆفییەت گەری وەك لەو کاتانەی دەروێشەکانی تەریقەتەکان کە هەست بە ئازاری رم و شمشێر و سوژن ناکەن کە لە خۆیانی دەدەن.

ئەمە بەشێکی کەمە لەو هێزە عەقڵییە شاراوەیە کە زۆربەمان پەی پێ نابەین بەڵکو بەشێکی ئێجگار کەم لە هێز و توانای عەقڵمان بەکاردێنین.

لەم بارەیەوە لە ساڵی ٢٠١٤ فلیمێك نمایش كرا كە باسی لە بەهێزی و بە توانای هێزی ئەقڵی مرۆڤ دەكات كە ئەگەر بەشێوەیەكی تەواو بەكاربێنێت چی روودەدات ئەو فیلمەش بەناوی LUCY لە پاڵەوانێتی سكارلێت جوهانسون. مورگان فریمان – عمر واكر فلیمێكی زۆر سەرنج راكێش و چێژ بەخشە.

لەبەرئەوەی زۆر گرنگە لەكاتی توش بوونی هەر مرۆڤێك بە نەخۆشیەكی مەترسیدار باش وایە بە ئیرادەیەكی بەهێز بەرەو رووی ببێتەوە و سوود لەو گە نجینە بەكارنەهاتووە وەربگرێت كە خۆی لە هێزی عەقڵ بەرجەستە دەكات.

# پێویست ناکات تووشی شۆك بیت

هەمووان لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەماندا و بەدرێژایی تەمەنمان کەسانێکی زۆر دەناسین بێگومان بەدەر لە ئەندامانی خێزان و دواتر خوشك و برا پاشان هاورێ و دەرو دراوسێ و هاوپیشە و کاری وەزیفی و تەنانەت ئەوانەی لایەنی خۆشەویستی و سۆزداری بەوان دەمان بەستێتەوە، زۆر کەس هەیە رەنگە لە ژیاندا زۆر بایەخت پێ بدات و کەسێکی هەستیار و گرنگ بووە لە ژیانتا، بەئەندازەیەك کە لەناخی دڵتەوە خۆشت ویستبێت و بۆی بە پەرۆش بوویت و لەخۆشی و ناخۆشیەکانی رۆلی کارامە و بەرچاوت هەبووبێت بۆی لەهەمان کاتدا هیوایەکی زۆرت هەڵچنیوە بۆ ئەو کاتانەی کە ئەگەر پێویستیت بکەوێتە لای!.کەسانی دەوروبەرمان بەوانەی زۆر گرنگیمان پێ داون لەرابردوودا تا ئەو کەسانەی کەمترین بایەخ یاخود تەنانەت زۆر سارد و سڕیش بووبێن بۆیان، لەراستیدا کەسمان ئەنجامێکی راستەقینەمان لانیە دەربارەی راست و دروستی و ئاستی دڵسۆزیان.

کەس بەتەواوی نازانێت کێ دڵسۆزی راستەقینە و بەهەڵوێستە بۆی لەکاتی پێویستیدا، زۆر کەس هەیە تەنها و تەنها بۆ سوود و قازانج و بەرژەوەندی خۆی لێتەوە نزیکە و موجامەلەت دەکات، بەلام بەداخەوە دیارە ژیان خۆی وایە بەگشتی و ئێمە وەك پێویست دەوربەرمان باش نەناسیوە چونکە مرۆڤەکان زۆر لێزانانە دەتوانن رۆڵ و نواندن بنوێنن و چەند ماسکێك لە هەگبەیان بە شاراوەیی هەڵگیرابێت.

کەسانێك هەیە نەك دوو ڕوون بگرە سەد ڕووشن، لەبەرئەوە زۆرجار تەنگ و چەڵەمە و لێقەومان و تەنانەت هەندێك نەخۆشی ترسناکی وەك شێرپەنجە نیعمەتێکی گەورە دەبێت بۆ کەسێك گەر – ئیرادەی بەهێز بێت – چونکە لەو کاتانەدا ڕووی راستەقینەی زۆر کەست بۆ ئاشکرا دەبێت و ماسکەکانیان لێ دەکەوێتە خوارەوە، ئەو دەمەو بەداخەوە کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، زۆر کەس هەیە تووشی شۆك دەبێت و بەرگەی بێ سفەتی و سپڵەیی هەندێك کەس ناگرێت و نائومێدی زۆر ڕووی لێ دەنێت، ئیدی پێی دەروخێت و دونیای لەبەرچاو رەش دەبێت،

هەستێکی تێکەڵــە لــە تــوڕەیی و نائومێــدی و شــۆك و نــەمانی متمانەی بەکەسانی تر لەناخ و عەقڵیدا دروست دەبێت.

پەندێکە بیانی هەیە دەڵێت بۆ ئەوەی کەمێك زێڕ بدۆزیتــەوە پێویستە سەدەها تــۆن لــە گــڵ و قــوڕ و لیتــە لابــدەیت ئینجــا دەیدۆزیتەوە. ئەمەش بــۆ ژیــانی هــەمووان راســتە و مــەرج نیــە ناسینی کەسانی زۆر مانای ئەوە ببەخشێت کە خــاوەنی هــاوڕێ و دڵسۆزی راستەقینە بێت، لەتەنگانەدا حەقیقەتی زۆر کەست بــۆ ڕوون دەبێتەوە.

ئەوەی گرنگە لەم جۆرە دۆخانەدا باوەر و قەناعەتت لادروست بێت کە کێشەکە لای تۆ نیە و تۆ خراپ نیت، بــەڵکو خــودی ئــەو کەسانە ئەوە رووی راستیان وایــە و خۆیــان نــاخێکی ژەنگــاوی و خۆپەرست و بێ ئەرزش و بنەما و ئاکاری مەردانە و جوامێر نــین، ئیتر پێویست ناکات نیگەرانت بکەن، تەنها و تەنها بــاش وایــە پەند و وانەیەکی لێ وەربگریت و پــەراوێزیان بخــەیت و لــەنێو بازنەی بایەخداندا وەدەریان بهێنە چــونکە ئــەو جــۆرە کەســانە شایەنی نەك گلەیی نین بگرە شایەنی بیرکردنەوەش نین.

## راستییەکە بەم شێوەیەیە:

- زۆرجار لەدەست دانی هەندێك كەس لە ژیاندا قازانجێکی زۆر گەورەیە.

- کاتێك لە ژیانتا زۆر باش بووی بۆ کەسێك و دواتر لەکاتی پێویستی بایەخی پێ نەدایت و پشتی تێ کردیت ئەوە هەڵەی تۆ نیە، ئەوە راستی و رووی حەقیقی و جەوهەری مەعدەنی ئەو کەسە خۆی وایە بەڵام تۆ باشت نەناسیوە پێشتر و هەڵسەنگاندنت بۆی لەجێی خۆیدا نەبووە.

- کەسانێك هەن لەژیانی هەمووان بەنیان هەیە کە لە بازنەی بایەخ دا نمان نەبوون بەڵام بێ ئەوەی هەستیان پێ بکەین دواتر و لەو جۆرە کاتە هەستیارانەدا بۆمان دەردەکەون کە چەند شایستەی رێز و بایەخ پێدانن.

- کەواتە ئەم نەخۆشیە سەرلەبەری هەر خراپ و ناخۆش نیە بەڵکو نیعمەتێکی گەورەیە کە خودا پێوەی بەسەرت دەکاتەوە و باشتر و روونتر دونیا و ژیان و زۆر کەست لێوەی و بەهۆیەوە بۆ ئاشکرا دەکات.

- لەم روانگەیەوە و زۆر بە ئـەرێنی و بـەخێر بڕوانــە بـۆ دیاری و بەسەر کردنــەوەی خـودا، خودامـان خودایــەکی ئێجگــار بەخشندە و جوانە و دڵنیابە هەموو بەسەرکردنەوەکانی خێرێکــی تێدایە ئەگەر بەم چەشنە بۆ هاوکێشەکانی ژیا نمان بڕوانین.

کەواتە پێویست ناکات تووشی شۆك بیت کاتێك کەسانێکت بۆ ئاشکرابوون کە لێوان لێو بوون لە بــێ وەفــایی و بــێ سـیفەتی و سپڵەیی بوون.



CamScanner

# دکتۆر سەفەر

دوا بەدوای ماوەیەك لە زانینم بە توش بـوونم بـە نەخۆشـی شێرپەنجەی خوێن ڕۆژێك لەگەڵ دوو هاوڕێم لە شوێنی کارەکـەم دانیشـتبووین و باسـی گەشـت و سـەفەرکردن هاتـە پێشـەوە لەڕاستیدا من تـا ئـەو کاتـە سـەفەرم نـەکردبوو ئـیتر بـەهۆی سەرقاڵی بە ژیانەوە و ناتێگەیشتنم لـە حەقیقـەتی ژیـان وەك پێویست بیرم لە سەفەرکردن نـەکردبۆوە، غـەدرم لـەخۆم و لـە خێزانەکەم کردبوو، زۆر سەیر و سـەمەرەیە ئێمـە وەك پێویسـت نازانین چۆن لـەو ژیانـە کاتییـەی کـە خـوا پێـی داویـن چـێژ وەربگرین، زۆر کەس هەیە لە ژیاندا و ڕەنگە هەمووان لە نمونەی ئەو جۆرە کەسانە دەناسین کە توانایـەکی مـادی باشـیان هەیـە بەڵام وەك ئامێرێك شەو و ڕۆژ هەڵپە دەکەن و کاردەکـەن و پـارە کۆدەکەنەوە کەچی دەستیان تێی ناچێت کەمێك بۆ خۆیان بژین و چێژ وەربگرن، بەڵام کاتێك بەخۆیان دەزانـن تەمـەنیان ڕوو لـە هەڵکشان دەکات یاخود تەندروستیان تێك دەچێت و ئەوەیان لە یاد نیە کە هەرچیەکیان هەبێت هەر بەجێی دەهێڵن.

بێ گومان و بەراشکاوی من لـەو جـۆرە کەسـانە نـیم و واتـا خاوەن سەرمایە و سامان نیم بەڵام غروری ژیان و کـار و پیشـە و وەزیفە و پێگەی کۆمەڵایەتیم بیر و هۆشی لێ سەندبووم کـە بـیر لە سەفەرکردن بکەمەوە، من تەنها سێ جار سەفەرم کـردووە لـە ژیانما بەڵام چۆن سەفەرێك دوانیان بەشێوەیەکی فەرمی لەگـەڵ چەند کەسـێك بـەهۆی کاروبـاری فەرمانگەکـەم و روخسـارێکی گەشـتیاری لـەخۆ نـەگرتبوو، و سێهەمیشـیان بـەهۆی خـراپ تەندروستی هاوسەرکەم بووە بۆ وڵاتـی ئێران و هەموو کاتـەکانی ئەو سەفەرەم لە نەخۆشخانە لەگەڵی بردە سەر کـە سـوپاس بـۆ خودا ئێستا تەندروستی باشە.

ئەم دوو هاورێیەم باسی سەفەریان کرد بۆ وڵاتـی میسر بـەڵام بەبێ خێزان و بەسەڵتی بەڵام من پێ داگیریـم کـرد کـە لەگـەڵ هاوسەر و منداڵەکانمان سـەفەر بکـەین ئـیتر و دواجـار تـوانیم قەناعـەتیان پـێ بکـەم و بـۆ مـاوەی نزیـك هەفتەیـەك ئـەو سەفەرەمان سازدا بەراستی زۆر بەلامەوە خۆش بـوو هـەروەها بـۆ خێزانەکانمان.

ئەوەی بەلامەوە سەیر و نامۆ بوو لەو سەفەرە و گرنگە ئاماژەی پێ بدەم و کە حەزدەکەم باسی لێوە بکەم ئەویش مانگێ پێشتر لەو سەفەر و مانگەکانی پێشوتریش مانگ بە مانگ کاتێك ئەنجامی پشکنینەکانم بەرەو خراپی دەرۆیشت و رێژەی ئەو نەخۆشیە بەرەو هەڵکشان دەرۆیشت، بەڵام دوای ئەو سەفەرە و پاش ئەنجام دانی پشکنین لە نەخۆشخانەی هیوا ئەو جارە جیاواز لەهەموو مانگەکانی دیکە ئاست و رێژەی ئەو نەخۆشیەم بەشێویەکی بەرچاو کەمی کرد و بەشێوەیەکی سەیر و سەمەرە گۆرانکاری ئەرێنیم بەسەرهات. من بێگومانم لەوەی بردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستانت ئەنێرجییەکی زۆر ئەرێنیت پێ دەبەخشێت، ئەمەش دەرخەری راستی ئەو هێزەیە کە پێشتر ئاماژەم پێ دابوو لە هێزی عەقڵ و ئیرادە، ژیان تەنها بریتی نیە لە راکەراك و کۆشش کردن و خۆماندوو کردن، پێویستە هەریەکێکمان جار جارێك هەموو کێشەکانی بەلاوە بنێت و بیر لە خۆی و خێزانی بکاتەوە، یەکێك لەو میکانیزمانەش میکانیزمی گەشت و سەفەرە هەر لەبەر ئەوەشە من ناو ناوە ( دکتۆر سەفەر ).

بێ گومان مەرج نیە مەبەستم لـە گەشـت و سـەفەری دەرەوەی وڵات بێت، بەڵکو دەکرێت هەر لەنێو سروشتی دڵرفێنی کوردستان و سەیرانگاکانی هەمان یاخود هاوشـێوەی ئـەم ئامانجـە بـەدی بهێنرێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە پێشـینانمان وتوویانـە " ئـەو شوێنە خۆشە کە دڵ تیادا خۆشە".

# کەی کاتی وەرگرتنی چارەسەری کیمیاوی دێت؟

هەر لە سەرەتای زانینم بە تووش بوونم بە شێرپەنجەی خوێن هەمیشە پرسیارێکم لا دروست دەبوو و ئەم پرسیارەشم لە دکتۆرەکانی ئێرە و ئێران کرد بەڵام وەڵامێکی ڕوونم دەست نەکەوت، بەگشتی پێم دەوترا لەکاتی خۆی دەیزانیت!

لەراستیدا ئەم پرسیارە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پێشتر من ئەوەم بیستبوو کە نەخۆشی شێرپەنجە باش وایە زوو پێی بزانیت و چارەسەری باشتر دەبێت لەوەی درەنگ پێی بزانیت! بەم شێوەیە ماوەیەکی زۆری پێچوو و هەموو مانگێك پشکنینی خوێنم دەکرد بێ ئەوەی بزانم کەی کاتی وەرگرتنی چارەسەری کیمیاوی دێت.

پاش ماوەیەك سەرەتای دەستپێکی بابەتەکە کاتێك شۆفێریم دەکرد هەستم بە ئازارێك لەسەر سنگ و ژێر باڵم بوو، ئازارەکە بەشێوەیەك دەهاتو دەرۆیشت، کەم و زیادی دەکرد، لەبەرئەوە دکتۆرم ئاگادار کردو لەبەرئەوەی لە دوایەمین پشکنینەکان هێشتا بارودۆخم باش بوو پێم راگەیاندرا کە ئەگەر هەیە ئەو

تەنها تەشەنوج بێت بەهۆی ساردی ( تبرید ) ی ئوتومبێلەکەم کە ڕۆژانە دەچم بۆ سەر کارەکەم و بەم شێوەیە ماوەیەکی خایاند و پەیتا پەیتا ئاستی ئازار و ماوەکە زیاتر دەبوو، تاوەکو جارێکیان لە شیرینی خەو بە ئازاری ژێر باڵم خەبەرم بوویەوە و بەشێوەیەك ئێجگار زۆر بوو و تا بەرەبەیان خەوی لێ حەرام کردم. ئیدی بەیانی هەر بەردەوام بوو لەبەرئەوە دووبارە ئاگاداری پزیشکەکەم کرد و داوای کرد کە بچم بۆ نەخۆشخانەی هیوا و لەوێ کە پشکنینیان بۆ کردم و ئاگادار کرام کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە چارەسەری کیمیاوی وەربگرم و لە بەیانییەوە داخلێ بکرێم.

ئەمە وەڵامی ئەو پرسیارە بوو کە ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی کردبووم کەی ( کاتی چارەسەری کیمیاوی دێت ).

زۆر گرنگە لەو کاتانەدا ئەو جۆرە هەواڵانە مرۆڤ نائومێد نەکات و تەنانەت نەیترسێنێت و ئەوەی تر بە خوا بسپێرێت، هەر کارێك بە قورسی بگرین بێ گومان ئەو کارە سەرئەنجام هەر قورس دەبێت و بە ئاسانی بە پیر کێشەکانمان بچین و پشتمان بە خوا بێت ئەوا دڵنیابن هەر بە ئاسانی دێتە پێشەوە.

ئەوەی منیش لەسەر ئەرزی واقیع بینیم هەروابوو.

# مەسەلەی قارچکە چینیەکە و پەڵپینەکە:

دەرئەنجامی ئەو نەخۆشییەی کە تووشم بوو، ئەوەم بۆ ڕوون بۆیەوە یەکێك لەو گرفتانەی دێنە بەردەم هەندێك ئەگەر هەمووی نەڵێم لە نەخۆشەکان. حەکیم و دانا و پسپۆڕی تەندروستی و شارەزا لە چارەسەری سروشتی و گژوگیا و دەرمانی کوردەواری و خاوەن ئەزموون هێندەی تر باری سەرشانی نەخۆشەکان قورستر دەکەن بە بۆچوون و مەبەستی تایبەتیان.

هەندێکی تریش هەوڵ دەدەن سوود لە نەخۆشی ئەو نەخۆشانە وەربگرن کە دەناڵێنن بەدەست دەرد و نەخۆشییانەوە. ئیتر ئەمە چیرۆك و سەرگوزشتەی هەمەجۆر و عەنتیکە و سەیر و سەمەرەی هەیە.

لەم کۆمەڵگایەمان کاتێك کەسێك نەخۆش دەکەوێت ئیتر ئەگەر قسە نەکات و بەقسەی خەڵکی بکات ئەوا دڵنیا بن دەبێتە مشکی موختەبەر بەدەستیانەوە، چۆن؟... بەنەخۆش دەوترێت.. بەخوا دکتۆری ئێرە هەر خەڵك دەکوژن، کوڕە نەخۆشخانەکانی ئێرە قەسابخانەن!!! بە قسەم بکە یەك دەقە لێرە عیلاج وەرمەگرە بچۆ بۆ هیندستان- ئەردەن- ئێران – تورکیا –

ئەڵمانیا، ئێ ئەوەی ئامۆژگاریشت دەکات ئامادە نیە دۆلارێکت بۆ سەرف بکات هەر پێشنیاری بەلاشی پێ یە!!!

یان بەخوا فلانە شێخ ئەڵێن یاخود مەلا ئەڵێن بەخوا زۆر موهیمە و زۆر موبارەکە من خەڵك ئەناسم هەر بە دوعا چاك بووە لەلای ئەو!!!

یاخود بەجۆرێکی دیکە.. من بابەتێکم لە پەیجێك یان فەیسبوك یان لە پێگەیەکی ئەلکترۆنی باسی سوودی فلانە میوە یان گژوگیا یان سەوزە یاخود ناوکی میوە و دانەوێڵە، فلانە شت بخۆ بەخوا یەکاو یەکە پێی چاك ئەبیت، من خزمێکم وابوو بەخوا زۆر سوودی لێ وەرگرت!!!

لەراستیدا هەندێك کەسیش لەڕووی پەرۆشی خۆیەتی کە لەم جۆرە قسە و پێشنیارانەت بۆ دەکات بەڵام ئەمانە تەها زیان بە نەخۆش دەگەیەنێت و سەری لێ دەشێوێنێت، ئیتر خۆیشی نازانێت چی بکات و چی باشە بۆی و بەقسەی کێ بکات، دکتۆرەکەی یان کەسانی دیکە.

خوێنەری بەڕێز بە پێی ئەزموونم لەگەڵ ئەو نەخۆشییەم باش وایە هەندێك جار بۆ ئەو جۆرە کەسانە ئەم کاردانەوەنەت هەبێت یان بڵێ ( باشە دەست خۆشی بۆ پێشنیارەکەت بزانم چۆن ئەبێت انشاالله یاخود سەری بۆ بلەقێنە وەك رازی بوونێك یاخود

بلێیــت دەســت خــۆش بــا ڕای دکتۆرەکەشــم وەربگــرم لەســەر پێشنیارەکەت...هتد).

لـەم جـۆرە وەڵامدانـەوەت هـەبێت باشـە بـەڵام زۆر گرنگـە هەمیشە لەسەرخۆ و بەڕێزەوە وەڵامدانەوەت هـەبێت بـۆ خـەڵکی چونکە ئەوانیش لەو بارودۆخەت نیگەرانن و لـە خۆشەویسـتی و پەرۆشییانە کە ئەم کار و قسانە دەکەن.

زۆر دەبێت وریاش بیت کە خەڵکانێکیش هەن کە بازرگانی بـە ژیانی نەخۆشەکان دەکەن و نمونـەی زۆر هەیـە لـەم بارەیـەوە، ئێستاش با بێمە سەر مەسەلەی قارچکە چینییەکە و پەڵپینەکە!

ڕۆژێکیان لەو ڕۆژانـە کـە لـە بەشـی وەرگرتنـی چارەسـەری کیمیاوی بووم لە نەخۆشخانەی هیوا کە بۆ ماوەی شەش مانگ مـن لەوێ چارەسەری کیمیاویم تیا وەرگرتووە ئەوا بۆ چـەند ڕۆژێکـە لەو مانگەکە کە بەردەوام کیمیاویم تیا وەردەگرت بەڕاست حـاڵم باش نەبوو، چەند ئازارم هەبوو بەهۆی شێرپە نجەکەوە چەندین ئەوەنـدەش بەدەسـت کاریگـەری ئێجگـار بـە ئـازاری کیمیـاوی دەمناڵاند، ئەتوانم بڵێم هەموو گیانم ئازاری تیـابوو، هەسـتم دەکرد هەموو جومگە و ئێسـکی جەسـتەم ئـازارێکی تیـابوو کـە بەهەموو تەمەنم پێشـتر نەمـدیبوو، لـە بـەیانی سـەعات ٩ ی

بەیانی و بەردەوام کیمیاوی و دەرزی و حەبم وەردەگرت تاکو زۆرجار دەگەیشتە سەعات پانزەی شەو.

دواتر ئەو رۆژە کۆتایی بە جەلسەی ئەو رۆژە دەهات و دەرۆیشتمە ماڵەوە و دەبوو جارێکیتر و بەهەمان جۆر و پرۆتۆکۆلی چارەسەر و چارەسەرم وەربگرتایە. ئەوەندە ئازارم هەبوو کە لەسەر تەختی نەخۆشخانە هەڵیان دەستانم توانای رۆیشتنم نەدەما، ئینجا کە دەگەیشتمەوە ماڵەوە لەبەر ئازار زۆرجار تا بەیانی خەوم لێ نەدەکەوت و زۆر و لەماوەی ئەو شەش مانگە رەنگە جوان نەبێت باس لەوە بکەم بەڵام ئەمە باری خوای گەورەیە و بەدەست کەس نیە زۆرجار تەنانەت و بەهۆی ئەو کیمیاویە توانای راگرتنی میز کردنم نەدەما، ئەمەش بەراستی یەکێك بوو لەو شتانەی کە زۆر بێتاقەت و خەمباری دەکردم بەراستی زۆرجار لەرووی دەروونیەوە دەیروخاندم و دەترسام ئیتر زەلیلی سەر جێگا بم، ئەمانە و چەندین لایەنی خەمناك و بەئازار و قورس هاتە سەر رێگام لەو نەخۆشیەدا تا جار هەبوو دەگەیشتمە رادەی گریان لەتاو ئازار و ناڕوونی چارەنوسم بەهۆی ئەو نەخۆشیە، بەڵام سوپاس بۆ خوا هەرگیز لەو کاتانەش و بۆ یەك جاریش ناشکوری و گلەیم لەبەشی خوا و چانس و بەختم نەکردوو و هەمیشە دەمووت شکور زۆر باشم کە بەردەوام دەبوایە

وەڵامی پرسیاری هاوسەرەکەم بدایە دەربارەی حاڵم یان هەست بەچی دەکەم!

بەهەرحال، ئەوا من لەکاتی وەرگرتنی چارەسەری کیمیاوی بووم کەسێك هاتە ژوورەوە لە نەخۆشخانەی هیوا کە نازانم لە کوێ کاری دەکرد بەڵام زانیم کە لە کەرتی تەندروستی کاردەکات و باج و جلوبەرگی تایبەت بە تەندروستی پۆشیبوو و سەرەتا ئەحواڵی پرسیم دواتر پێی ووتم بەخوا کاك بەختیار ئەم کیمیاویە باش نیە تۆ ئەوەندە لێ وەری دەگریت ئەزانیت چەند موزاعەفاتی هەیە لەسەر جەستەت؟منیش ووتم جا دەسەڵاتم چیە ئەوە پرۆتۆکۆلی نەخۆشخانەی هیوایە و چارەسەری ئەم نەخۆشیەی منیش هەر بە کیمیاوی دەبێت و منیش بەراستی مەمنونی دکتۆر دانا و هەموو ئەوانەی لێرە کاردەکەن.ووتی راستە بەڵام من ژنێك ئەناسم لێرە پاش وەرگرتنی چارەسەری کیمیاوی دکتۆرەکانی ئێرە ئیزنیان دا و بە کەسوکاریان وتبوو ئیتر بیبەنە ماڵەوە چەند رۆژێکی تر ئەژیت و ئەمرێت!

بەڵام من بە دەرمانێکی تایبەتی خۆم بەخوا چاکم کردووە و ئێستا زۆر باشە و ماوە! بەقسەم بکە ئەو دەرمانە تۆش بەکاری بێنە دڵنیابە و بە زەمان انشاالله چاك دەبیتەوە؟

وتم باشه ئەو دەرمانە چیە؟

وتی قارچکێکی زۆر تایبەتی چینییە و لە کیسەی بچوکە بە هاڕاوی لە ناوچەیەکی وڵاتی چین دەروێت و چارەسەری هەموو نەخۆشیەکی شێرپەنجە دەدات و کیسەی بە قەبارەی کیسی سەفەری بچووکی چایە کە بەکاردێت تۆ ڕەنگە بە دوو یان بە سێ دەستە لە پاکەتی ئەو کیسانە بەسە بۆ ئەوەی چاك ببیت و نرخی هەر کیسەیەك لەو قارچکە هاڕاوە کە لەو پاکەتانەیە بە ٤٥ دۆلارە؟

بێ گومان ئەوەی ئەو باسی دەکرد نرخەکەی زۆری دەکرد چونکە ئەو باسی دەکرد هەر پاکەتێك دەرزەنێکی تێدایە و هەر کیسەیەکی لەو دەرزەنە بایی ٤٥ دۆلارە و منیش خۆی ووتەنی دوو بۆ سێ پاکەتم پێویستە!

ئیتر من پێم ووت زۆرباشە بەڵام با ڕاوێژێك لەگەڵ دکتۆر دانا بکەم چونکە بێ ئاگاداری ئەو من هیچ ناکەم.

هەستم کرد قسەکانمی بەدڵ نەبوو و پێی وتم کاك بەختیار باش وایە پێی نەڵێیت چونکە دکتۆرەکان باوەڕیان بەم جۆرە چارەسەرانە نیە و باوەڕ بە شتی زانستی دەکەن، ئیتر دوعای خێری بۆ کردم و هەستا و ڕۆیشت ئیتر جارێکی تر نەمدییەوە!



CamScanner

# جا با بێمە سەر مەسەلە و سەرگوزشتەی پەڵپینەکە.

کەسێکی نزیکم کە بەراستی لەڕووی دڵسۆزی خۆیەوە پێی ووتم کە بابەتێکی لە پەیجێك خوێندۆتەوە کە نوسەرەکەی دکتۆرێکی بەناوبانگە لە سلێمانی کە باس لە سوودەکانی پەڵپینە دەکات بۆ نەخۆشی شێرپەنجە و دەبێتە هۆی زیادکردنی خرۆکەکانی خوێن. و دوابەدوای ئەوە هاوسەرەکەشم باسی شتێکی هاوشێوەی بۆ کردم، منیش وەك پێشینان دەڵێن (کەسێك کە خەریکە لەئاودا دەخنکێت خۆی بە چڵە پوشێك دەگرێتەوە) منیش لە سەرەتای نەخۆشیەکەم وەك خۆشباوەڕێکم لێ هاتبوو باوەڕم بەزۆر شت دەکرد. ئیتر منیش داوام لە هاوسەرەکەم کرد کە لە بازاڕ پەڵپینەم بۆ بکڕێت، خوا هەڵناگرێت ئەویش پڕ بە عەلاگەیەکی دەبڵ پڕی لە پەڵپینەی بۆ هێنام و کردی بە - عەسارە - واتا کردی بە شەربەت و بۆ چەند رۆژێك و لەسەر یەك بڕێکی زۆرم لێ خواردەوە، بێ گومان ئەمە پێش ئەوەی بگەمە قۆناغی وەرگرتنی چارەسەری کیمیاوی لە نەخۆشخانەی هیوا هەر ئەم سەرگوزشتەیەش وای لێ کردم کە ئیتر بۆ هەر کارێکی پەیوەندیدار بەو نەخۆشیە پرس و ڕا لەگەڵ دکتۆرەکەم بکەم.

ئیتر دوای ماوەیەك لەو كــارە كــاتی ئــەوە هــات وەك هــەموو سەری مانگێك بچم بۆ پشكنینی خوێنم لەلای دكتــۆر دانــا. هــەر ئەوەندەم خۆش بوو دكتۆر دانا كاتێك تەماشای كۆمپیوتەری سەر مێزەكەی كرد كە لەسەر مێزی ناو ژوورەكەی لە هیوا كە ئە نجامی پشكنینەكانی نەخۆشەكانی دەچــووە ئــەوێ بەســەر ســورمانەوە ووتی ئەوە چــیە بۆچــی وا خرۆكــی ســوورەكانی خوێنــت زیــادی كردووە؟ منیش وتم جا ئەمە شتێكی باشە یان خراپ؟

دواتر لەسەر پارچە كاغەزێك نامەیەكی بۆ نوسیم و پێی وتم ئەم كاغەزە بەرە بۆ بانقی خوێن با خوێنت لێ دەربكــەن و دواتــر ئیتلافی بكەن، منیش هەر وام كرد.

ئیتر زانیم كە كەتنێكی خراپم كردووە و بەســەرهاتەكەم بــۆ دكتۆر نەگێڕایەوە چونكە نەموێرا. نەوێرانیشــم بــێ گومــان لــە ترس نەبوو بەڵكو لەڕووی ڕێزی دكتۆر بوو.

هەرچەندە دكتۆر دانا تــەنها بــە تــەنها دكتــۆر نیــە بــەڵكو هاوڕێمە و چەندین جار دواتر چوینەتە دەرەوە بۆ پیاســە و نــان خواردن بەڵام ئەم بابەتەم لا باس نەكردبوو مەگەر كاتێــك ئــەم كتێبە بخوێنیەوە و پێ ی بزانتیت، ئیتر نــازانم پــێ ی نــاخۆش دەبێت یاخود پێدەكەنێت؟ ئەگەر پێ ی ناخۆش بوو و پــێ ی وتم بۆ لێت شاردمەو منیش ئەڵێم ببورە (وامزانی ڕادیۆیە).



CamScanner

# چی بچێنیت هەر ئەوەش دەدوریتەوە:

هەر کەسێك لە ئێمە بە تەنها لەم ژیانە نــاژین، بــێ گومــان چۆنیشمان پێ خۆشە کە کەسانی تــر چــاکەمان لەگــەڵ بکــەن، پێویستە خۆشمان ئەو هەستەمان هەبێت بەرامبــەر بــە کەســانی دیکە و دەستی هاوکاریان بۆ رابکێشین.

باش وایە هەر مرۆڤێك نهێنیەکی خۆی هەبێت لەگەڵ خودادا، باوەڕم وایە کە هەر کــارێکی خێــر و چــاکە کردنێــك لــە ژیانتــا بیکەیت لەگەڵ کەسانی تر بەمەرجێك تەنها ئاما نجت ڕەزابوونی خودا و مرۆڤ دۆســتی بێــت، ئەوا دڵنیــام ڕۆژێــك لــە ڕۆژان ئــەو چاکەیەت دێتەوەڕێ.

بەڵام نەك ئەو چاکە و خێرەی ئاشکرای بکــەیت و بانگــەوازی پێ بکرێت وەك ئەوەی ئەمرۆ دەبینرێت لە سۆشیال میــدیادا. مــن چەندین نمونەی وام لە دایك و باوکمەوە بینیوە یان زانیوە بۆیــە باوەڕ و قەناعەتم هەیە کە مۆرڤەکان چی بچێنێت هــەر ئــەوەش دروێنە دەکەن. زۆرجار پێشینانمان وتوویانــە ((کــەس نازانێــت خودا بەچی دەمانبەخشێت)).

مەبەستم لەوەیە و زۆر بـەڕوونی ئـەوەی گـرنگ و پێویسـتە لەژیانی هەموو ئادەمیزادێـك کـاری چـاکە و خێـری نائاشـکرای هەبێت بە پێی توانا. بۆ ئـەوەی لـەکاتێك کـە تـۆش پێویسـتت بەوەبوو کە خودا بەهاناتەوە بێت رووت بێت لـە نـاخ و کانگـای دڵتەوە داوای هاوکاری و بەزەیی خودا بکەیت و ئەوەی بەندە لێـی دڵنیام کە لەو کاتانەدا خودا نائومێدت ناکات.



CS CamScanner

## جۆری دەربڕینەکانی کەسانی تر بەهەند وەرمەگرە:

زۆر جار و لە ژیا نماندا و لە بۆنـە و دۆخـە جیاوازەکـان کـە تیایدا تێئە پەڕین دەربڕینی جیاواز دەبیستین لـە کەسـانی تـر وەك گوزارشت کردنیان لـەو هەسـتەی بۆمـانی دەردەبـڕن، هـەر نمونەیەکی سادە کاتێك پۆستێك لە ئـەکاونت و فەیسـبوکەکەت دەنوسـیت دەبینیـت کـارلێکی کەسـانی تـر هەمـە جۆر دەبێـت، هەندێکیان لێکچونیان هەیە هەندێگیان ئەرێنین و ئەوانی دیکـە نەرێنین و هەندێکیـان پیاهەڵدان و هاندان و هەندێکیان رەخنە و ووره روخێنەرن و هەندێك ستایش و پڕ خۆشەویستین.

لەژیاندا کەسانێك هەن بە سەلیقە و خاوەن دەربڕینی جوان و کاریگەرن و کەسانێکیش هەن کە بـەبێ بیرکردنـەوە قسـە فـڕێ دەدەن و جاری واش هەیە خۆشیان نازانن چۆن گوزارشت لە هەسـت و بیرکردنەوەکانیان بکەن.

قسەیەك هەیـە دەڵێـت وشـەی – مەرحـەبا – واتـە سـڵاو، دەکرێت بە چەندین مەبەست بووترێـت گـەر شـێوازی دەربـڕین و فۆنۆتیك و نەبەرەی دەنگی تـایبەت و گونجـاوی بـۆ رێکبخرێـت،

دەکرێت بە یەکێك بڵێیت مەرحەبا واتا سڵاو و جارێکی تر وەك بۆ سەلماندنی قسەیەکی پێشوتر بۆ کەسێك وەك بیرخستنەوە ( ئا مەرحەبا ) یاخود وەك ئەوەی بە کەسێك بڵێیت ( دواتر دەبینیت چیت بەسەردێت ) کاتێك دەڵێیت ( ئەوکات مەرحەبات دەکەم ).

دوا بەدوای ئاشکرا بوونی نەخۆشیەکەم لەم جۆرە حاڵەتانەم دەهاتە بەردەم، خزمم هەبوو بە تەلەفۆن و لە پەرۆشی خۆیدا کە ئەحواڵی دەپرسیم داوای لێدەکردم کە کەس نەبینم و خۆم بە دوور بگرم و من گوایە ئێستا مەناعەم سفرە و فلان کەسی خزممان هەروەك تۆ هەر دەیوت باشم دواتر بەهۆی تێکەڵبوون بە خەڵك شێرپەنجەکەی لێی پیس کرد و کوشتی!!!

کەسێکی تریش پێی وتم بە خوشك و کەسوکارت بڵێ رازیم نیە کەس بۆم بگری و بەزەیی پیامابێتەوە!!! کەسێکی تریش جارێکیان پێی وتم ( ئێ چیە ئەوپەڕی دەمریت پێویست بە ترس ناکات )( کل نفس ذائقة الموت ).!!!

کەسێکی تر پێی وتم ( وەڵا ئەوەندەی ماوتە بێ دڵی خۆت مەکە حەزت لە چیە برۆ بیکە هەتا فریا دەکەویت )!!!

ئەوی تر پێی دەوتم کەی نەشتەرگەری زەرعی مۆخت بۆ دەکەن؟؟؟

هەشبوو دەیوت (بەخوا لەم وڵاتە شێرپەنجە عیلاجی نیە برۆ بۆ خاریج، لێرە بەس خەڵك دەکوژن؟؟؟

بێ گومان هەمووان بەم شێوەیە قسەیان بۆ نەدەکردم، هەشبوو دەربڕینەکان ئارام بەخش و نزای بەخێر و هیوا بەخش بوو. مەبەستم لەوەی کە لە دۆخی ئاوادا دەبێت زۆر قسەت بەلاوە گرنگ نەبێت و کارت تێ نەکات چونکە سروشتی مرۆڤەکان وایە هەموو خاوەن دەربڕین و بەتوانا نین لە گفتوگۆ و دەربڕینی هەستیان، ئەوەی گوێ بدات بە قسەی خەڵکی ئاسوودە نابێت بە بڕوا و قەناعەتی خۆت بژی، ئەوە تەنها مرۆڤەکان نین کە جیاوازن، هەموو شتێك لەم ژیانە هەمەڕەنگ و جیاوازە، وەرزەکان و رەنگی گوڵ و تامی میوە و زۆر شتی دیکەی ئەم دونیایە.

# ئەو هەمیشە دەیگوت" ژیان لای من هیچ بایەخی نیە"!!!

بەگشتی سروشتی ژیان هەروایە کە ئێمـەی مـرۆڤ چـۆن بـۆی بڕوانین ئەویش هەروا دەبێت( دبی فۆرد لە کتێبە بەنرخەکەی کـە بەناوی بوێری ) بەزۆر باس لەوە دەکات کە پێویستە و زۆر گرنگە لـەناخی مرۆڤەکانـدا و بەو پـەڕی باوەڕداریـدا بـبین بـە جەنگاوەرێکی بەهێز و ئازا و بوێر و کۆڵنەدەر و دڵ پڕ عیشق بـۆ ژیان، بەڵام زۆر راستە پێویستە جـەنگاوەرێکی بـاوەڕدار و بـوێر بین و بە عەشق بین بۆ ژین و ژیان و هەرگیز و لەژێر هیچ فشـار و تەنگــژەو ململانەیــەك نـابێ خـۆی بەدەسـتەوە بـدات. خـۆ بەدەستەوەدان واتە کۆتـایی و رۆیشتن بەرەو هەڵدێر و چارەنوسی نادیار و ترسناك و زۆرجاریش مەرگدار.

بۆ ئەوەی کە ببینە جەنگاوەرێکی ئازا و بـوێر و چـاونەترس پێویستە سەرەتـا لەگەڵ خودی ناخ و نەفسمان ئاشـت ببینـەوە و رازی بین بەوەی کە هەین بەهـەموو کەموکورتیـەکا نمان و بـاری تەندروستی و دەروونی و واقیعمان، من ئەوەم کـە هـەم، تـەنها

جارێك دەژیم و ژیان لە دونیـــادا یـــەك جـــارە و نابێـــت بـــە دوو ، مرۆڤی ترسنۆك سەد جار دەمرێـت، بەڵام ئازاكـــان تـــەنها یـــەك جار دەمرن بەڵام مردنیشیان شەرەفمەندانە و سەربەرزانەیە.

لەسەر و بەندی نەخۆش کەوتنم چـەندین کەســی هاوشـێوەی خۆم دی لە نزیك و لە دوور گەنج و كامڵ و بەساڵاچوو، نێر و مێ، هەمووان بەو دۆخە تاڵە گوزەرمان کردووە، بەڵام هـەر کەسـێك و بەجۆرێك لەگەڵ شـێرپە نجە هـەڵی دەکـرد، هەنـدێکیان کـەم تەحەمول و هەندێکیش بێزار و ناشکور و هەنـدێك ورە ڕووخـاو و بێ هیوا، بەڵام کەسانێکیش هەبوون سوپاس گوزار و بـە ئـارام و ورە بەرز و پڕ ئومێـد و هیـوا و تەنانـەت وزە بـەخش بـوون بـۆ کەسانی دیکە،لەناو نەخۆشخانەی هیوا ئەو جـەنگاوەرە بـوێر و ئازا و وورە بەرزەم بەدی دەکرد و خۆ بەدەستەوە دەر و رووخاویشم بەدی دەکرد.

کەسێکم ناسی لەکاتی ئەو نەخۆشیەدا کـە هـەمان نەخۆشـی هـەبوو واتـا شـێرپە نجەی خـوێن بـەڵام بـەحۆرێکی جیـاواز، شێرپە نجەی خوێن، چەند ئاست و پلەی هەیە، بـەڵام هـەر لـە چوارچێوەی ئەو نەخۆشیەیە، بۆ چەند جارێك و لەکاتی جیـاواز ئەوەم لێ دەبیست کە ژیان لای ئەو هیچ بایەخێکی نیە و موهتـەم

نیه به ژیان، گەرچی روحیەتی جەنگاوەریشی تیادا بەدی دەکرا بەڵام عیشقی بۆ ژیان نەبوو و هەستی بە تامی ژیان نەدەکرد.

بەداخەوە دواتر هەر بەو نەخۆشیە کۆچی دوایی کرد، ئەگەر دەنکە گەنمێك بچێنیت و راستەوخۆ بەردێکی بکەیتە سەر، بێ گومان ئەو دەنکە گەنمە لەژێر زەویدا چەکەرە دەکات و هەڵدەکشێت بەرەو سەر بەڵام ئەو بەردەی خراوەتە سەر رێگرێکی بەهێز دەبێت لە شین بوونی و سەرئەنجام کۆتایی پێ دێت و دەرزێت. ئیدی ژیانیش هەروایە ئەوا ئێمەی مرۆڤەکانین کە بە ترس و بێ وورەیی و بێ بێوەری و نائومێدی و بێ هیوا یمان وزەی چاکبونەوەی و سەرکەوتنمان دەکوژین و لەناوی دەبەین، ئەمە جەوهەری فەلسەفەی ژیانە.

هەر کاتێك دوژمن هێرشی کرد بۆ سەر وڵاتێك گەر سوپایەکی بەهێز و تۆکمە و بوێر و خاوەن جەنگاوەری راستەقینە و ئازای نەبێت بێ گومان هەر تێکدەشکێت وڵاتیش داگیر دەکرێت و دەروخێت.

سەرلەبەری ژیانیش هەروایە پڕیەتی لە ململانێ و کێشە و گرفت تەنها جەنگاوەری ئازا و بوێر و خاوەن ئیرادە بەهێزەکان تیایدا سەرکەوتوو دەبن.

# ئەوەی پێویستە بیزانن:

لەم کتێبەدا، ئێوە فێر دەبن ئەو شتەی کە ئێوەی ئەسیری نائومێدی و بیرکردنەوەی پووچ کردووە و هەموو ئەو هەستکردن و بێتوانایی و لاوازیانە شتێك نیە جگە لە وەهمێکی گەورە کە لە رابردووەوە سەرچاوەی گرتووە، شتێك نیە جگە لە ترسە راستەقینەکان یان ئەو ترسانەی کە خۆتان دروستتان کردوون و لەناختانە رەگیان داکوتاوە.

تێدەگەن کە هەموو ئەو کێشانەی کە هاتووە بەسەرتاندا بۆ ئازاردان یان بێتواناکردنی ئێوە نەبووە. بەڵکو هەلێك بووە بۆ بەهێزتر بوون، ئازاتر بوون و ناسینی زیاتری خودی راستەقینەتان. تێدەگەن کە هەموو ئەو بەربەستانەی کە لەسەر رێتاندان لەراستیدا عەقڵ و ئەندێشەی خۆتان بۆ خۆتانی دروست کردووە.

کاتێك کە سەیری ژیانتان دەکەن دەبینن هەمان ئەو شتانەی کە سەردەمانێك مایەی ترس و بێئومێدیتان بوون ئێستا عەشق، بوێری و هیواتان پێ دەدەن و بۆ دەهێنن.

کاتێـك کـه دەبنـه جـەنگاوەرێکی ئـازا، خۆتــان لەهــەموو پێشهاتێك بە بەهێزتر و پتەوتر هەست پێ دەکەن، هێندە باوەڕ بەخۆبوونتان هەیە کە بەهێزانە هەنگاو بۆ بەدەست هێنانی ئەو شتانەی کە دەتانەوێت هەڵدەگرن.

ئیدی خۆتـان وەك کەسێکی بـێ توانـا و ترسـنۆك نـابینن، بەڵکو ئەوە دەبینن کە بەراستی هـەن. واتـه کەسێکی بـەهێز و بوێر، بە باوەڕ بەخۆبوون و تواناگەلێ زۆرەوە.

بەم شێوەیە وێنەیەکی نوێی خۆتــان لـه مێشـکتاندا دروسـت دەکەن و هەستێکی زۆر باشتان دەبێت بەرامبەر بە ئەوەی کە هەن.

دەزانیت کە دەتوانیـت هـەر کارێـك کـه بتـەوێت ئـه نجامی بدەیت. ئێوە جەنگاوەری ڕێگەی ڕاستی دەبـن و ئـەم ڕێگایـه بـه حەقیقەتی خۆتان دەست پێ دەکات، گوێگرتن لەدەنگی عـەقڵ و سەدای خودی باڵاترتـان، ئێوە پارێزەری ئیلهامـه خوداییـەکان و پە یجۆرکـــەری نەخشـــەی خوداوەنـــدی ژیانتـــان دەبـــن. لـــەم هاوباوەڕیەدا، ئەو وێنا کۆنەی ڕابردوو کە لـه مێشـکتاندا بـووە لـەبیر دەکـەن و پـێ دەخەنـه نێـو دونیـای متمانـه، بـوێری و بەهێزیەوە.

دۆزینەوەی ئەم جەنگاوەرەی دەروون، دنیای ئێـوە بەتـەواوی دەگۆڕێت بەراورد بەوەی کە ئێستا هەیە و هێزی رووبەڕووبونـەوە لەگەڵ هەموو ئەو کێشانەی کە هەموو رۆژێـك دێتـە رێتـان پـێ دەدات.

لەبری ئەوەی کە ناچارن گومان و بێمتمانەییەکانتان لەژێر چاکەت و پانتۆڵی ئوتوکراودا بشارنەوە، دەتوانن پۆشاکی باق و بریقی باوەر بەخۆبوون لەبەر بکەن کە زۆر پڕ بەبـەری ئێوەیـە. کەواتە دەبێ عەشق، بوێری و بەهێزی ئیرادە و باوەر بـەخۆبوون بەرەو سەفەرێکی لەبیرنەکراو بەرێبکەوین.

# رۆڵ و کاریگەری دەوروبەر لەسەر کەسی نەخۆش:

دوابەدوای زانینی نەخۆش کەوتنی هەر کەسێك بـە نەخۆشـی شێرپەنجە، ئیدی کاریگـەری ئـەو هەواڵـە تـەنها وەك هـەورە بروسکەیەك نابێت لەسەر نەخۆشەکە، بەڵکو سەرجەم ئەندامانی خێزانـــی نەخۆشـــەکە و کـــەس و کـــار و هـــاوڕێ و دۆســـت و خۆشەویستانی دەبێت، کارلێکێك دروست دەبێت لـەو نێوەنـدەدا، ئـەم پرۆســەیە وەك هــەر پرۆســەیەکی دیکــەی ژیــان کــار و کاردانەوەی دەبێت.

لێرەدا رەفتار و گوفتار باشــتر وایــە بڵـێم شـێوازی گوزارشـت کردنەکە جیاواز دەبێت دەرهەق بە کەسـی نـەخۆش. بـێ گومـان ئامادەکی مرۆڤ بۆ ئەو پێشهاتـانەی دێنە بەردەمی لە ژیان پشـت دەبەستێت بە خودی سروشتی مرۆڤەکان و ئەو ژینگەیـەی تیایـدا گەورە و پەروەردە بووە، لایەنی سۆزداری و باکگراوندی رۆشنبیری و زانیاری گشـتی کەسـەکان، لەسـەر و هەمووشـیانەوە چـۆنێتی کەسێتی خودی کەسی نەخۆش کەوتوو پێش نەخۆش کەوتنی.



CamScanner

واته ئەو کەسە ئەگەر پێشتر کەسێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن هەڵوێست و بیرەوەری جوانە بۆ دەوروبەری و کەسێکی بەسۆز و باش بوویێت بۆ کەسانی دیکە، بێ گومان هەواڵی نەخۆش کەوتنی بەو نەخۆشیە کاریگەری زۆر دەکاتە سەر دەوروبەر و خێزان و کەس و کارو هاوڕێ و دۆستانی، و نیگەرانییان بۆ دروست دەکات و دەبێتە مایەی خەم و خەفەت بۆیان، لێرەدا کێشەیەك دروست دەبێت ئەوەیە کە نازانرێت چۆن گوزارشت بکرێت و نیگەرانی و دەربڕینی هەستیان بۆ نەخۆشەکە، و ڕەفتاری گونجاو و شیاو و پێویست چۆن و چی دەبێت کە پێویستە پێشکەش بە نەخۆشەکە بکرێت.

# راسته سروشتی مرۆڤەکان
# لێك چوو نیە و جیاوازە:

هەیە ورەی دەورخێت و تێك دەشکێت و هیچ هیوایەکی بە ژیان نامێنێت و نوقمی دەریای خەم دەبێت. وە کەسانی تریش هەن وێڕای ئەم دۆخە زیاتر تینوی بایەخ پێدان و ناز دەبن و بەشێوەیەکی ناهەست یاخود بەمەبەست و راستەوخۆ و ناراستەوخۆ حەز دەکات نازی زیاتری بدرێتێ.

بەهەرحاڵ بەشێوەیەکی گشتی پێویستە زۆر بە وریایەوە مامەڵە لەگەڵ نەخۆشەکان بکرێت. باش وایە هەوڵ بدرێت بە (ئاسایی) مامەڵە لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە بکرێت و هەمیشە بابەتەکەی لا ئاسان بکرێت بەهێنانەوەی نمونەی کەسانێك کە پێشتر نەخۆش کەوتن و دواتر چاکبونەوە، باشترە نمونەی ئەو کەسانە ناسراوبن پێشتر لای ئەو کەسە ئەگەر هەبوو.

پێدانی نازی زۆر رەنگە ئەو هەستە لای نەخۆشەکە دروست بکات کە ئیدی بەرەو کۆتایی ژیان دەڕوات لەبەرئەوەیە بەو جۆرە هاوسۆزی و نازی پێ دەدرێت.

باش وایە لایەنی ئیمانی و هێز و توانـای خـودایی جـێگیر و بەرجەسـتە بکرێـت بـۆ کەسـی نـەخۆش کـە بـێ گومـان ووزە و توانایەکی ئێجگـار کاریگـەری هەیـە لەسـەر بـاری دەروونـی و ئیرادەی دەبێت.باش وایە هەرگیز و لەبەرچاو نەخۆشەکە گریان و دەربڕینی خـەم لەلایـەن هـیچ کەسـێك بـۆی، چـونکە ئـەوەش کاریگەری زۆر نەرێنی هەیە لەسەر نەخۆشەکە.

باش وایە هەوڵ بـدرێت و بـە پێی توانـا نـەخۆش سـەرقاڵ بکرێت بەهـەر بابـەت و کارێـك بـۆ ئـەوەی کـەمترین دەرفـەت بڕەخسێت بۆ بیرکردنەوە لە نەخۆشـیەکەی، خـۆ ئەگـەر بکرێـت گەشت و سەفەر ئەنجام بدرێت و مەرج نیە تـەنها گەشـت کـردن بێت بۆ دەرەوەی وڵات یاخود خەرجی زۆری پێویست بێـت.

دەکرێـت هـەر گەشـت و سـەیرانێکی زۆر ئاسـایی و سـادە و دوورکەوتنەوە لە ماڵـەوە کاریگـەری باشـی بێـت لەسـەر بـاری دەروونی و بەهێزکردنی ئیرادەی دەبێت..( دکتۆر سەفەر)!!!.

زۆر گرنگە هەموان ئەوە بزانین و بەو پـەری قەناعەتـەوە بـۆ ئەو پرسە بڕوانین و بـاوەرداربین کـە ( هـیچ ویسـتێك لەسـەروو ویستی خودا نیە ) و هیچ کارێك و چارەسـەرکردنی هـیچ کێشـە و

گرفت نیە ئەستەم بێت لای خودای گەورە و هەمیشە باش وایە ئەو باوەڕە ڕوون بکرێتەوە بۆ نەخۆش کە بە ڕواڵەت نەروانێت بۆ نەخۆشیەکەی و دڵنیا بکرێت کە ویست و حیکمەتی خودای لە پشت و لە ناوەرۆکی جەوهەرێتی (( و عسی ان تکرهوا شیئا وهو خیرا لکم )).

# ئەو کەسەی لەماوەی پێنج خولەک قەناعەتی پێ کردم بە نوسینی ئەم کتێبە:

ماوەیەك بەر لە ئێستا بە کارێك چوومە فەرمانگەیەك لەگەڵ پارێزەرێکی بەڕێز خاتو هاژە خان. لەو فەرمانگەیە ئیشەکەمان لە ژورێك بوو فەرمانبەر یاخود بەرپرسی بەش یان بەڕێوەبەر بوو بە راستی نازانم بەتەواوی پۆستی چی بوو چونکە یەکەم جارم بوو بچمە ئەوێ بەلام بەدڵنیایی یەوە فەرمانبەرێکی ئاسایی نەبوو.ئەو کەسە خاتونێك بوو بەناوی ( مەهابات خان ) هەستم بە سەنگینی و کەسێتی جدی کرد لەشێوازی مامەڵە و وەلامدانەوە بۆ هاولاتیان و کەمێکیش لەڕێی زمانی جەستەوە.

دەبوو چاوەرێم بکردبایە چونکە کەسانی ترمان لە پێش بوو، کاتێك مەلەفی مامەڵەکەی لێ وەرگرتین ووتی کەمێك چاوەرێ بکەن تا ئەو مامەلانەی تر تەواو دەکەم بەلام سەری هەڵنەبڕی و سەرقاڵی بەرێ کردنی خەڵك بوو کە کاریان لای هەبوو.

دواتر نۆرەمان هات و کە چووینە ژوورەوە رۆژباشم لێ کرد ئیدی چاوی بەرز کردەوە و کەمێك تەماشای کردم هەرچەند ماسکم بەستبوو بەلام دیار بوو بەناوی سەر مامەڵەکە و دەنگم ئەو منی ناسییەوە دیارە منیش نزیکی بیست ساڵە لە تیڤی یەکان

و رادیۆکان بەرنامەم هەبوو بۆیە دیاربوو بەوە ناسیمیەوە ئیتر زۆر بەرێزەوە و بەگەرمی بەخێر هاتنی لێ کردم و ئەحواڵی پرسیم لەگەڵ نەخۆشییەکەم کە زۆر کەس لەرێی سۆشیال میدیاکان بیستبوویان. منیش سوپاسم کرد و دڵنیام کرد کە (زۆر باشم) ئیتر دەستی برد بۆ کتێبێك کە لەسەر مێزەکەی بوو و وتی ئەم کتێبە باس لە بابەتێکی هاوشێوەی تۆ دەکات و لایەنی ئیرادە و بوێری چەند گرنگە بۆ ئەوانەی بەم قۆناغە نەخۆشیە دەڕۆن، لێرە پێشنیازی بۆ کردم کە کتێبێك بنوسم و تیایدا باس لە ئەزموونم بکەم لەگەڵ شێرپەنجە و لێوەی وزەی ئەرێنی بەخش بکەم بۆ نەخۆشەکانی هاوشێوەی دیکە.

دواتر و بەدەم قسەوە کە نزیکەی پێنج خولەکی خایاند کارەکانمی تەواو کرد و لە خوا حافیزیدا ئەو کتێبەی کە لەسەر مێزەکەی بوو کە بەناوی (بوێری) بوو لە نوسینی (دیبی فۆرد) ە، پێشکەشی کردم و لەلا پەرەیەکی کتێبەکە نووسی (بۆ پیاوێکی بە ئیرادە پێشکەشە).

ئەم بەسەرهاتە کورتە و ناسینێکی کورت ماوە بۆ ئەو خاتوونە بەرێزە وای لێ کردم کە ئەم کتێبە بنوسم و ئامادەی بکەم.

## خولاسەی کەلام:

خوێنەری بەڕێز تۆ ئەگەر خودا بەسەری کردویتەوە و تووشی شێرپەنجە بووی، یان ترس و فۆبیای تووش بوونت هەیە بەم نەخۆشیە یاخود کەسێکی ئازیزت توش بووە، دەبێت سەرەتا رازی بیت بەو قەدەرە، لێی تێبگە بەڵام هەرگیز لێی مەترسە، ترس ئەو درندە و دێوەزمەیە کە بەهێزترین مرۆڤی سەر ڕووی ئەم زەمینە بەرەو هەڵدێری شکست و دۆران و رووخان دەبات.

هەمیشە وەك بەهێزترین و پتەوترین قاسەی بانکە بەناوبانگەکانی جیهان بە هیچ شتێك و هیچ کەسێك لە توانای نەبێت تێکت بشکێنێت یاخود هەوڵی کردنەوەشت بدات، پاسپۆردەکەت ( هێزی ئیرادە بێت ) کەس دەغیلەی شکاوی ناوێت، پێویست ناکات هەموو کەس لە هەموو وردەکاری ژیانت بزانێت، ئەوەی تایبەت بەخۆتە بالای خۆت بێت و ئەوی پێویست بکات بیدرکێنیت با لەگەڵ کەسی شایستە و لەکاتی شایستە بێت، چ سوودێکی هەیە هەموو خەڵك بە کۆژانەکانت بزانێت، بە زانینی خەڵك تەنها ساتێك لە ئازارەکانت کەم ناکات. دووربکەوە

لەوانەی کە ووزەی سلبی ( نەرێنی ) بەخش دەکەن، دوور بکەوە لەو کەسانەی کە رۆژانە خۆرەتاو و بەهارییەکان وەك سێبەرەکەت بەدوا و تەنیشتەوەن و لەکاتی لێزمە باران و رەهێڵە پشتت تێ دەکەن.

زۆر باش بزانەو دڵنیابە ( لەدەست دانی هەندێك کەس لە ژیانتا قازانجێکی گەورەیە ). هەمیشە پشت یەکەم بە خودا و دووەم بە هێزی ئیرادەت و سێ یەم بە مرۆڤە دڵسۆزە راستەقینەکانی دەوروبەرت ببەستە.

من دەرونناس نیم و زانستی پزیشکیم نەخوێندووە، بەڵام مامۆستای رۆژگار و ئەزموونی نێوی قوتابخانەی ژیان فێریان کردم کە گەڵارێزانی درەختی ژیان ئان و ساتی تایبەت و نهێنی خۆی هەیە. هاوکێشەکە زۆر ئاسانە ئەویش ( هەموو سەرەتایەك کۆتایی هەیە ) ئیتر پێویست بە ترس ناکات، چێژ لەو ساتە وەربگرە کە تیایدا ئەژیت و مەبە بە حەماڵ و کۆڵبەری خەم و خەفەتی دونیا.

ئیتر قەدەری ژیان هەروایە کەس تاسەر لەسەرەوە نامێنێتەوە، سێوە پێگەیشتووەکان لەکۆتایدا هەر دەکەونە سەر

زەوی، گـرنگ ئەوەیـە لـە حەقیقـەتی ژیـان تێبگـەیت، کـە بەدرێژایی زەمەن مرۆڤەکان لەهەر پلەو پۆست و پێگە و توانـا و تەندروستی بـەهێز و بـاش بـووبن لەکۆتـایـدا هـەروەك سـێوە پێگەیشتووەکە هەر دەکەونە خـوارەوە، ئـیتر پێویسـت بـەترس ناکات.

تـاکۆتـایی جەنگاوەرێکی بەهێزبە چونکە ئازاکان یـەك جـار دەمرن بەڵام ترسنۆکەکان دەیەها و رەنگە سەدەها جار بمرن.

بەختیار محمد عبدالله



بەختیار محمد عبداللە

## هێزی ئیرادە

بۆ ئەوانەی شێرپەنجە و هەر نەخۆشیەکی تر هاتۆتە نێو ژیانیان و بایەخی هێزی ئیرادە و کاریگەری لە چارەنوسیان چۆن کارا دەکەن.

لە سەر ئەرکی د. تەها ڕەسووڵ چاپکراوە

2021